# شەهیدبوون لەپێناوی نیشتماندا

# شەهید ڕەشید عەبدوڵڵا قادر

## هاوسەری شەهید:
## شەهید لەپێناو خاک پیرۆزییە

**خەبات: تریفە ئازاد**

شەهیدبوون لەپێناوی خاک گەورەترین شانازییە کە مرۆڤ بەری دەکەوێت و شەهید لەپێناو پاراستنی وڵاتەکەی گیانی بەخش دەکات. کاتێک دوژمن دەیەوێت هێرش بکاتە سەر خاکمان هەموومان دەبین بە پێشمەرگە و بەرگری دەکەین. لە تەوەری شەهیدبوون لەپێناوی نیشتمان، ڕۆژنامەی خەبات بنەماڵەی شەهید ڕەشید عەبدوڵلا بەسەرکردووە کە وەک پێشمەرگەیەکی خۆبەخش لە شەڕی دژ بە داعش بەرگری لە خاکی پیرۆزی کوردستان کردو گیانی خۆی کردە فیدای خاک و نیشتیمان.

### ژیاننامەی شەهید

ڕەشید عەبدوڵڵا قادر لە ساڵی 1979 لە بنەماڵەیەکی هەژارو کورد پەروەر لە گوندی (قەلاتە جن)ی سەر بە ناحیەی هەریر لەدایکبووە لەبەر هەژاری و ترسی ڕژێمی بەعسی ڕووخاو لە نەیتوانیەوە بچێتە قوتابخانە کە وەک زۆربەی منداڵی کورد لە خوێندن بێ بەش دەبێت، بەڵام وەک لاوێکی خوێن گەرم هەردەم چاوی لەسەر کوردبوونی خۆی بووە شەهید ڕەشید عەبدوڵڵا قادر لە ساڵی1991 پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات و پاشان دەبێتە پێشمەرگە تاساڵی 2006 کە بەشداری چەندین داستانی قارەمانانەی کردووە لە پاش ڕوخانی ڕژێم واز لە پێشمەرگایەتی دەهێنی کاری کرێکاری دەکات لە ساڵی 1995ژیانی هاوسە ری پێک هێناوە خاونی (7) منداڵە شە ش کچ و یە ک کوڕ لە ساڵی 2014سە رە تای هاتنی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش شە هید ڕە شید وە ک خۆبە خش پە یوە ندی بە هێزێکی خۆبە خش دە کات بە ناوی هێزی خۆبە خشی محمدسورچی لە محوە ری خازرکە ئە و هێزە سە رجە میان خۆبە خش بوون لە سەنگەرەکانی بەرگری شان بە شانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە چەکی شەرەفی شانیان بەرگریان لە خاکی پیرۆزی کوردستان دەکردو بەرامبەر تیرۆرستانی داعش وەستان و نەیان هێشت داعش پێ بخاتە خاکی پیرۆزی کوردستان ومەرامی داگیر کردنی بە دی بێت شەهید بەشداری چەندین داستانی قارەمانانەی کردووە سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێناوە قارەمانانە بەرگری کردووە تا دوا دڵۆپی خوێنی بەڵام بەداخەوە لە 30\10\2016 گیانی پیرۆزی بەخشیە کوردستان و چووە ڕیزی نەمرانەوە.

### کەسایەتی شەهید

محەمەد سورچی فەرماندە لە هێزی خۆبەخش لە بارەی شەهید بۆ ڕۆژنامەی خەبات گووتی: ئێمە کاتێک بڕیارماندا بەرگری بکەین لە خاکی پیرۆزی کوردستان و نەهێڵێن دوژمن وڵاتمان داگیر بکات شە هید ڕەشید عەبدوڵڵا قادر ناسراوە بە ڕەشید هەرکی لە /8/ 4 2014 ئێمە وەک هێزێکی خۆبەخش بۆ بەرگری کردن لە خاکی پیرۆز بەرەو گوێر چووین کە ڕێکخراوی تیرۆرستی داعش بەو چەک و تەقەمەنیەی هێزی عێراقی کەوتبووە دەستی هێرشی بۆ سەر پێشمەرگە هێنا ئەو کاتەش سەرۆک بارزانی داوای لە خەڵک کرد ئەوەی دەستی چەک بگری بەرگری لە خاکی خۆی بکات، ئێمەش بڕیارماندا ئەوەی لە توانامان دابێت بەرگری لە خاک و نیشتمانی خۆمان بکەین ئەو پێشمەرگە خۆبەخشانە نەدەکرد بەشداری گشت شەڕەکانی داعشی کرد لە محوەری خازر کە گەورەترین شەڕ لە 16/12/205بوو کە دەکاتە ڕۆژی ئاڵای کوردستان کە داعش بە گەورەترین هێز هێرشی کردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە میحوەری خازر بۆیە قارەمانەتی و خۆڕاگری پێشمەرگەی خۆبەخش شەهید ڕەشید قەت لەیادمان ناچێت هەردەم لە ناو پێشمەرگە خۆشەویست بوو ئەوەبوو بەفەرمانی سەرووی خۆمان ئەو هێزە گواسترایەنەوە سەر فەرماندەی سەفین سەر بە میحوەری باشیک لەوێش بەشداری چەندین شەڕمان کرد کە دوا شەر ئێمە هێرشمان کردە سەر داعش بۆ ئازادکردنی چەند گوندێک لە سنووری باشیک بە ناوی تیسخرابی گەورە و بچوک ئیمام ڕەزا و بیرحەلان و خراپ دەلیل، کە گەورە ترین مۆڵگاو بارەگای داعش لەو چەند گوندەبوون هێرشی ئێمە لە ڕۆژی 20/10/2016 کاتژمێری شەشی بەیانی هێرشمان کرد کە شەڕە کە چەند ڕۆژێکی خایاند بەداخەوە لە ڕێکەوتی 30/ 10/2016 شە هید ڕەشید شە هیدبوو ماڵئاوای یەکجارەکی لێکردین هەرهەمان ڕۆژ لە گۆڕستانی



نەهێڵێن دوژمن وڵاتمان داگیر بکات هەمیشە ڕوح دەبەخشین لەپێناو پاراستنی خاکمان.

### سەربەرزم کە هاوسەرم لەپێناو پارستنی وڵات شەهیدبوو

بۆ ژنێک ئەستمە کە لە تا ئێستاش چاوی لە ڕێگای گەرانەوەی هاوسەرەکەی بێت ڕۆژنامەی خەبات گووتی: کاتێک تیرۆرستانی داعش هێرشیان هێنایە سەر کوردستان ئەو دڵی لە لای پێشمەرگەبوو بۆیە دەستی دایە چەک و لەپێناو پاراستنی کوردستان وەک خۆبەخش چوو بەرگری بکات، من بۆ ماوەی چوارمانگە لە سەرەتایی شەڕی داعش هەموو ڕۆژێک چاوم لە ئەو ماڵئاوای لێکردین شەهیدبوو بەڵام سەربەرزین کە لەپێناو خاکە پیرۆزەکەی شەهیدبوو گیانی بەخشیە کوردستان ئەو خوێنی خۆی ڕشت تا بە دوژمن بڵێت ئێمەی کورد هەمیشە لە سەنگەرین خاکمان پیرۆزترە لە هەموو شت و ناهێڵین مەرامی ئێوەی داگیرکەر بێتەدی،



سۆێندمان بە خواو کوردستان خوارد کە تا دوا هەناسە بەرگری بکەین لە خاکی پیرۆزی خۆمان و نەهێڵین داعش خاکمان داگیربکات، ئەوەبوو پاشان داعش هێرشی کردە سەر خازر ئێمە بەرەو خازر ڕۆیشتین شەهید ڕەشید هیچ کات حسابی بۆ دوژمن شێخ بازی سەر بە قەزای خەبات بە ئامادەبوونی فەرماندەکانی پێشمەرگە و دەزگاکانی حوکمی و حزبی و جەماوەرێکی زۆر بە خاکسپارد، ئێمە لەو ساتەوە دووبارە بەڵێنماندا کە ڕێگای ئەو بگرین و بەردەوام بین تا خەونی ئەو بەدی دێنین و و لەگەڵ ئەوەش سەربەرز بێت بە شەهیدبوونی هاوسەرەکەی و نازناوی پیرۆزترین ئافرەتەکانی جیهانی بەرکەوتوو کە خێزانی شەهید بێت و لەپێناو خاک شەهید بێت نەزیفە عەبدوڵلا دەروێش خێزانی شەهید ڕەشید لە لێدوانێکی بۆ ڕێگابوو بۆ ئەوەی کەی دەگەڕێتەوە هیچ کات بیرمان لە مردنی ئەو نەدەکردەوە چونکە بەشداری چەندین شەڕی کردوە ئەو ترسی نەبوو بەڵام قەدەری خوا وایە دەبێت هەموومان بمرین، بەڵام دوو جۆرە مردن هەیە مردنی شەهید لەپێناو خاک پیرۆزترە چونکە ئێمەی کورد لەپێناو پاراستنی ئەو وڵاتە هەزاران شەهیدمانداوە شەهیدی تریشدەدەین. ئێستاش ئامادەم منداڵەکانم لەسەر ڕێبازی پیرۆزی باوکیان پەردەوە بکەم ئەو بە چەکی شانی بەرگری کرد، دەبێت منداڵەکانم بە چەکی دەستیان بەرگری بکەن و ڕێگای باوکیان بگرن بۆ خزمەت کردنی کوردستان.

### هەمیشە لە سەنگەر دەبم بەرامبەر دوژمن

ئەویش لە سەنگەربوو وەک براکەی ئەویش لە میحوەرێکی تر بەرگری دەکرد لە خاکی پیرۆزی کوردستان و ئێستاش هەمان ڕێچکەی براکەی گرتووە دەیەوێت بە خوێنی بڵێت ئەوەتە هێشتا هەین و بەرگری دەکەین، تحسین عەبدوڵڵا قادر برای شەهید ڕەشید لەبارەی شەهیدبوونی براکەی دەڵێت: من وەکو برای شەهید شانازی دەکەم بە شەهید بوونی شەهید ڕەشید کە لەپێناو ئەو خاکە شەهید بوو ئێمە سەربەرزین سەدان ڕۆڵەی قارەمانمان لەپێناوی ئەو خاکە شەهیدبووە ئەوانیش بۆ من شەهید ڕەشیدن منیش پێشمەرگەم لە فەرماندە ی هەولێر بەڵێن بە شەهیدەکانمان ئەدەین بەڵێن بە سەرۆک بارزانی ئەدەین تەواوکەری ڕێباز ئەوان بین کە خۆیان کردە قوربانی شەرەف و خاک و نامووسی کوردستانیان پاراست، چونکە دوژمن کە هات هیچی لا گرینگ نەبوو ئەو تەنها دەیویست وڵاتمان داگیر بکات، بەڵام ئەو خەونەیان بەدی نەهات چونکە گەلی کوردستان لە سەردەمی شاخەوە تا بە ئەمرۆ دەگات لەپێناو پاراستنی دۆزی کوردو خاکی پیرۆزی کوردستان خوێن دەبەخشێت و بەردەوام هەموو پێشمەرگە ئاسا لە سەنگەرین و بەرگری دەکەین لەم خاکە پیرۆزە من وەک برای شەهید بەڵێن دەدەم تا دوا هەناسە بەرگری بکەم لە خاک و ئاڵای وڵاتەکەم لەپێناو ئەو خاکە شەهیدبم.

### لەپێناو ئازادی وڵات و پاراستنی خاکی کوردستان هەمیشە پێشمەرگەین

ئەو تاقانەی باوکی بوو هەمیشە وەک کوڕێک زیاتر لە چاوەڕوانی هاتنەوەی باوکی بوو، بەڵام ئەو دەیزانی کە باوکی بەرگری لە خاکە پیرۆزەکەی دەکات ئیبراهیم ڕەشید کوڕی شەهید بە باس لەنێوانی خۆی و باوکی دەکات و دەڵێت: کە تیرۆرستانی داعش هاتن باوکم چەکی کردە شانی باوکم لە زۆربەری شەڕە گەورەکان بەشداری کرد کە باوکم شەهیدبوو قەت بڕوام نەدەکرد شەهیدبوو، چونکە باوکم لە هەموو شەڕەکانی خازر گوێر و بەشداربووە، بەڵام بەداخەوە کە شەهید بوو شانازی دەکەم کە باوکم بە سەربەرزی لەپێناوی خاکەکەی شەهیدبوو چووە کاروانی نەمران ئێمە بە لێنیش بە سەرۆکی خۆشەویستمان سەرۆک بارزانی ئەدەین تەواوکەری ڕێبازی باوکمان دەبین ئەو ڕێبازە بەرنادەین، دوێنی باوکم بەچەک بەرگری کرد ئەمرۆ و سبەی ئێمەش بە چەکی دەستمان بە دونیا دەڵێین ئێمەی کورد زوڵم قبوڵ ناکەین و لەپێناو ئازادی وڵات و پاراستنی خاکی کوردستان هەمیشە پێشمەرگەین.

---

## دوێنێ بەعس و ئەمڕۆ حەشد



**پوشۆ خدر قەساب**

دوێنێ ڕژێمی بەعس شار و گوندەکانی کوردستانی خاپوور و تەخت کرد دوێنێ بەعس ماڵی کوردی بە تالان و کەنیسە و مزگەوتەکانی وێران کرد . بەڵام ئەمڕۆ لە16ی ئۆکتۆبەر، حەشدی شەعبی بەعس ئاسا کەوتە گیانی منداڵ و گەنج و پیر و بێرێزی بە ئاڵای کوردستان کرد. ئەوەی دوێنێ بەعسیەکان تەواویان نەکرد ئەوا ئەمڕۆ حەشدی شەعبی تەواو کەری عەفلەقیەکان بوون، ئەمڕۆ لە سەردەمی دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە سەردەمی پێشکەوتن و جیهانگیری و عەولەمە و ڕێزگرتن لە مافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ سوپا و میلیشیای حەشد کەوتنە پەلاماری وەحشیانەی خەڵکی ئەم هەرێمە، ئەوەی دوێنێ دەیان ووت بەغدا خاوەن دەستوور و مافە، ئەوەی دوێنێ لافی دیموکراسی و یەکسانی و دادپەروەری بە گوێی جیهان دەچرپاند، ئەوا ئەمڕۆ بە هێزی چەک و دەبابە و باڕووت ماڵی کوردان دەسوتێنن. خاکی کوردستان تەعریب و خەڵک و منداڵی سڤیل ئاوارە و دەربەدەر دەکەن. لە هەموو کات و سەردەمێکدا هەر گەلی کورد دەستی ئاشتی و تەبایی و یەکریزی بۆ دوژمن و نەیاران ڕاکێشاوە، هەر گەلی کورد و سەرکردەکانی ئاشتیخواز و پێکەوەژیانیان هەڵبژاردووە. بەڵام ئەمڕۆ دوژمن و ناحەزانی کورد هەموو کاتێ لە بۆسە و هێرشی ناڕەوابوونە زمانی دیالۆگ و گفتوگۆ و دانیشتن نازانن. بۆیە کاتێک گوندێک ووێران دەکەن بە تۆپ و تەیارە ئەیسوتێنن بە شۆفەرە و بندۆزەر شارە دێیەک تەخت و وێرانی دەکەن. ئا ئەو کاتە منداڵە چاوگەشەکانی دووز خورماتوو منداڵە بێ نازەکانی خانەقین و مەخمور و شەنگاڵی سووتاو هاواریان دەکرد و دەنگیان بەرز دەکردەوە، خۆ ئەگەر کۆپتەر و فڕۆکەکانی ئەم ئاسمانە نەناسینەوە، ڕاجیمە و گوللە هاوەن و قەناص بەدەستەکان نەناسینەوە، شۆفێری شۆفەڵ و بندۆزەرەکان دەناسینەوە کە عێراقی و حەشدی شەعبی بوون بۆ ڕووخانی قوتابخانە و ماڵەکانمان لە پێشبڕکێ دا بوون.